**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی بڕیار: 7**

**مێژووی بڕیار: 2014/5/20**

## بڕیاری هەموارکردنی هەشتەمی پەیڕەوی ناوخۆی

## پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق ژمارە (1)ی ساڵی 1992

پشت بە حوکمەکانی ماددەی (94) لە پەیڕەوی ناوەخۆی ژمارە (1)ی ساڵی 1992ی هەموارکراو، لەسەر پێشنیاری سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق، پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (5)ی ڕۆژی 2014/5/20ی بڕیاریدا بە:ـ

**ماددەی یەکەم:**

ماددەی (38)ی سی و هەشتەمی هەموارکراوی پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمان هەمواردەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:

**یەکەم: تایبەتمەندی لیژنەکان:**

1ـ هەر لیژنەیەك لە لیژنە هەمیشەییەکان هەڵدەستێت بە دیراسەکردنی پڕۆژە یاسا و پێشنیاری پڕۆژە یاسا کە پەیوەندیدارە بە تایبەتمەندیەتی لیژنەکە و دەربڕینی بیروڕای خۆی لەسەری و، هەر بابەتێکی تر کە لەلایەن دەستەی سەرۆکایەتیەوە بۆی هەواڵە دەکرێت کە پەیوەندیدارە بەتایبەتمەندییەکانی بەپێی ئەم پەیڕەوە.

2ـ هەر لیژنەیەك بەدواداچوون و چاودێری و هەڵسەنگاندن دەکات بۆ ڕەوشی کاری دامودەزگا پەیوەندیدارەکان بەپێی تایبەتمەندیەتی خۆی.

**دووەم:** لیژنە هەمیشەییەکان بەم شێوەیەی خوارەوە پێکدەهێنرێن:

1 ـلیژنەی کاروباری یاسایی.
2 ـلیژنەی داراییی و کاروباری ئابووری و، وەبەرهێنان.
3 ـلیژنەی ناوخۆ و ئاسایش و ئەنجومەنە خۆجێییەکان.
4 ـلیژنەی کشتوکاڵ و ئاژڵداری و ئاودێری و بەنداوەکان.
5 ـلیژنەی داکۆکی کردن لە مافەکانی ئافرەت.
6 ـلیژنەی پەروەردە و خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
7 ـلیژنەی کاروباری تەندروستی و ژینگە.
8 ـلیژنەی کاروباری کۆمەلایەتی و منداڵ و خێزان.

9 -لیژنەی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن.
10-لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری رەوەندی کوردستانی.
11- لیژنەی ئەوقاف و کاروباری ئایینی.
12- لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی.
13- لیژنەی مافەکانی مرۆڤ.
14- لیژنەی پیشەسازی و وزە و سەرچاوە سروشتیەکان.
15- لیژنەی ئاسەوار و، خزمەتگوزاریەکانی شارەوانی و گواستنەوە و گەیاندن و گەشت و گوزار .
16- لیژنەی بازرگانی و پاراستنی مافەکانی بەکاربەر.
17- لیژنەی وەرزش و لاوان.
18- لیژنەی دەسپاکی (نەزاهەت).
19- لیژنەی کاروباری کۆمەڵگای مەدەنی.
20- لیژنەی رۆشنبیری و راگەیاندن و هونەر.
21- لیژنەی کاروباری پەرلەمان.
22- لیژنەی ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم.

**ماددەی دووەم:**

کار دەکرێت بەم هەموارکردنە لەرۆژی دەرچوونیەوە و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بلاودەکرێتەوە.

**یوسف محمد صادق**
**سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان - عێراق**